وەزارەتی دەرەوەی عێراق پێشوازی لە راگەیاندنی ئەجێلان و پێیامەکەی بە دانانی چەکەکانی پەکەکە دەکات

وەزارەتی دەرەوەی عێراق رایگەیاند، پێشوازی لە پێیامەکەی عەبدوڵا ئەجێلان بە دانانی چەک دەکەین و پێیامەکە هەنگاوێکی گرنگە بە هەنانەدی سەقامگیری.

ئەمە هەینی ٢٨ـی شوباتی ٢٠٢٥، وەزارەتی دەرەوەی عێراق پێشوازی لە راگەیاندنی سەرکی (پەکەکە) عەبدوڵا ئەجێلان و پێیامەکەی بە دانانی چەکەکانی پارتی کرد، وەزارەتی دەرەوەی عێراق بە ئەرێنی و گرنگ زانی لە بەدیهێنانی سەقامگیری لە ناوچەکەدا.

وەزارەتەکە لە بەیاننامەکەیدا جەختی لەوەش کردەوە کە ئەم دەستپێشخەرییە نوێنرایەتی پێشهاتەکی زۆر گرنگ دەکات لەووی بەرزکردنەوەی ئاسایشەوە، نەک تەنها لە عێراق، بەڵکو لە هەموو ئەو بوارانەی کە بوونی چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە هەرێمی کوردستان و هەندێک شاری دیکەدا هەیە.

باسی لەوەش کرد، کە چارەسەری سیاسی و دیالۆگ باشترین رێگایە بە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان و کۆتاییهێنان بە ململانێکان بە شێوەیەک کە خزمەت بە بەرژەوەندیی هەموو لایەنەکان بکات و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە بەرز بکاتەوە.

هەروەها، وەزارەتی دەرەوە پشتیوانی خۆی بە هەموو هەوڵەکان دەربڕی کە ئامانج لێی چارەسەرکردنی کێشەکانە لە رێگەی دیالۆگەوە، بەو هیوایەی هەنگاوە کردارییەکان بە دەنیابوون لە کۆتایی هاتنی هەڵگرتنی چەک لەلایەن پارتی کرێکارانی کوردستانەوە خێراتر بکرێت